# نامەیەكی كراوە بۆ ڕۆژنامەی برا یەتی ئۆرگا نی پارتی دیمكراتی كوردوستان

د. كەما ل بەرزنجی ـ ڤیەنا

بەڕێزان....

ڕۆژنامەگەری بریتی‌یە لـەكۆمەلێك بنەمای ئەخلاقی كەوا بەشێوەیەكی سەرەكی خۆیان لـەراستگۆیی و دەستپاكی و ئە مانەت دەگرنەوە كەوا هەتا هەر ڕۆژنامەیەكی حیزبیش كەوا ریزی خۆی و حزبەكەی بگرێت دەبیّ پابەند بێت پیّ یان. بەلام بەداخەوەكەوا ڕۆژنامەیەكی وەكو برایەتی كەوا ئێستاش ڕێزێكی زۆرم هەیە بەرامبەری وە ئۆرگانی گەورەترین حزبە لـەكوردوستان ئەمە چەند ڕۆژە بیّ حورمەتی بەرامبەر بەزانست و راستگۆیی و ئەمانەتی ڕۆژنا مەگەری دەكات. دەقی ئەو بیّ حورمەتیەش لـەوە خۆی دەگرێتەوەكەوا ڕۆژنامەی ئازیز ئەوە ماوەی چەند ڕۆژە چەند هەلقەیەك لـەكتێبێكی من بلاو دەكاتەوە لـەژێر ناو نیشانی ئەوەی كەگوایە چەند پسپۆرێكی یاسا و سیاسەت بۆ ڕۆژنامەی برا یەتی دەدوێن وەگوایە من بەهەما هەنگی لـەگەل ڕۆژنامەی ناو براو وە بەناوی ئەم ڕۆژ نا مەیە دیمانەم لـەگەلیان ئەنجام داوە. من دەمەویّ ڕاستی ئەم مەسەلـەیە لـەپێناوی ڕاستیدا ڕوون كەمەوە. من خەریكی نوسینی كتابێكم لـەسەر (كوردو فدرالیزم و مافی چارەخۆنوسین) وە بۆ ئەم مەبەستە دیمانەم لـەگەڵ چەند پرۆفیسۆری جیهانی لـەمیانی یاساو سیاسەت ئەنجام داوە وە ئەم پرۆفیسۆرانە هیچیان ڕۆژنامەی برا یەتی ناناسن وە تەنها وەكو هاوكارانی خۆم لـە بواری یاسا لـەگەلم دیمانەیان كردووە. ئەوەی ڕاستە وەبە بەلـگەنامەی نوسرا ویش (ئیمایل) لامەئەوەیەكەوا من لـەگەل برادەرانی ڕۆژنامەی برایەتی ڕێككەوتم كەوا كتابەكەی من بەزنجیرە بلاوبكەنەوە وەلـەژێر هەمان ناوی كتابەكەم كەلـەسەرەوەباسم كرد. كەچی دەبینم نوسراوە فلان پرۆفیسۆ ر بۆ برایەتی دەدوێت. ئەمەناراستی و بیّ حور مەتی یەكی زەقەكەوا تەنها ڕۆژنامەی رژێمە دكتا تۆرییەكا ن پیّ ی هەلـدەستن وە من لـەو با وەڕەم كەوا هەندیّ كەس ویستویەتی بازرگانی بەبەرهەمی فكری من بكات كەوا خۆی دزی یەكی ئاشكرا یە. وەئەگەر برادەرانی پارتیش ئاگا داربن ئەوە دیارە دووبارە بوو نەوەی هەر هەمان مەسەلـەكۆنەكەی ڤینا یەكەوا پا رتی چلمی پەیوەندی یەكانی خۆی لـەگەڵ هەندیّ لایەن بەمن سڕی كەوا بەبەلـگەنامە هێشتا لامە وە بەئیمزای دكتۆر پیرۆت خۆی كەوا نوێنەری بەڕێز مسعود بارزانی بوو لـەڤینا وەتا ئێستا لـەبەر بەرژەوەندی گشتی باسم نەكردبو بەلام لـەم ڕۆژانە دەیخەمەبەر چاوی میلـلـەتی كورد. من یەك هەفتە مۆلـەتی ڕۆژنامەی برایەتی  بەڕێز دەدەم ئەم هەلّەیە ڕاستكاتەوە وەداوای لـێبوردنیش بكات ئەگەر نا بەرەو ڕووی یاسا دەبێتەوە لـەلایەن منەوە وە هەروها لـەلایەن ئەو پرۆفیسۆرانەی كەوا بیّ حو رمەتی یا ن بەرا مبەركراوەكە هەمویان خۆیان پسپۆری یاسان.

من هیوا دارم برادەرانی ڕۆژنامەی برا یەتی ئەم مەسەلـەیە بەدلـێكی فرا وانەوە وەرگرن. هەمو لا یەنێك باسی كۆمەلـگای مەدەنی و سەروەری یاسا دەكەن جا دەفەرموون بیكێڕن ئەگەر چی تاڵ یشە.

لـەگەڵ ڕیزی بیّ پایانم

بنكەی لـێكۆلـینەوەی یاسا ی دەستوری و فیدرالـیزم

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣